# گەرمەسێر لە ژێر بوردی گولەی تیرۆریستاندا

## هێزەکانی هاوپەیمانی هۆکارێکی سەرەکی مانەوەی تەعریبن
## وەزارەتی ناوچە دابڕاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەرمەسێر بە ناوچەی دابڕاو نازانێت

**بەدواداچوونی مەجید سالح**



ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن بارودۆخی قەزای خانەقین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەوە خراپتر دەچێت، بگرە ناحییەکانی سعدیە و جەلەولا کە پێشتر کورد بە شێوەیەکی ئاشکرا بە سەر دۆخە سیاسی و ئیدارییەکەیدا بالادەست بوو؛ ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست کورد دەرچووە و پێ دەچێت کار لە کار ترازابێت. پێشبینی دەکرێت لەو ڕاپرسییە چاوەڕوان کراوەی کە بڕیارە لە ساڵی ( 2007 ) دا بکرێت دەنگی زۆرینە دژ بە خواستی گەڕانەوەی ئەو ناوچەیە بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان . قایمقامی قەزای خانەقین " محەممەد مەلا حەسەن " هۆکاری سەرەکی تێکچوونی بالانسەکە بۆ بەرژەوەندی عەرەب دەگەڕێنێتەوە وە بۆ ئەوەی " هەر لە سەرەتاوە هێزە هاوپەیمانەکان بوون بە پشتیوان بۆ عەرەبی تەعریب و نەیانهێشت ناوچەکە چۆڵ بکەن و بگرە دژایەتی کوردیشیان دەکرد " , جگە لەو هۆکارە قایمقامی خانەقین پێی وایە " سەرکردایەتی سیاسی کورد بە هەمان ڕادەی کەرکوك تەرکیز ناکاتە سەر گەرمەسێر و بە شێوەیەکی خراپ پشت گوێی خستووە , نە لە ڕووی دارایی و نە لە ڕووی ئیداریی و نە لە ڕووی سیاسییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ بە خانەقین و ناوچەکە نادات , بە تایبەت پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە " .

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی تایبەتی بۆ ناوچە تەعریب کراوەکان دامەزراندووە بە ناوی (وەزارەتی ناوچە دابڕاوەکان) , بەڵام تاکو ئێستا بەڕێز " محەممەد ئیحسان " وەزیری ئەو وەزارەتە سەردانی ناوچەی گەرمەسێری نەکردووەو لە کێشە و گرفتەکانی قەزا و ناحییەکانی نەپرسیوەتەوە ئەوەش ئیدارەی خانەقینی تووشی چەندین گرفت کردوە. محەممەد مەلا حەسەن لەوبارەوە دەڵێت " نۆ مانگە حکومەتی هەرێم ئاگای لە ئێمە نییە و بە هۆی خراپی وەزعی پارێزگای دیالەشەوە پەیوەندیمان لە گەڵ حکومەتی مەرکەزی پچڕاوە و هیچ یەك لە فەرمانگەکانمان بوودجەی نییە، تەنانەت ئێستا ( 5 ) هەزار دیناری چاپی نوێ لە خەزینەی ئێمەدا هەیە و بە نیازین لەم هەفتەیەدا تەبەڕووعات کۆ بکەینەوە بۆ دائیرەکانمان .

وەزعی هاووڵاتیانیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت بە هۆی ئەوەی ڕێگای ئیمام وەیس _ خانەقین لە لایەن تیرۆریستانەوە دەستی بە سەردا گیراوە وبەشە خۆراکی ئەو ناوچەیە ناگاتە هاووڵاتیان و چەند مانگێکە بێ بەشن وە بۆ سووتەمەنیش کە پێشتر لە ئێرانەوە دەهێنرایە خانەقین و پاشان بە سەر عێراقدا دابەش دەکرا، ئێستا گۆزراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق و ئەوە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر خەڵکەکە . بێ کاری هۆکارێکی تری گوشارە لە سەر خەڵکی خانەقین و دەوروبەری لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی خانەقین ڕزگار بووە ژمارەی دانیشتووانی خانەقین لە ( 35 ) هەزارەوە گەیشتووەتە زیاتر لە ( 150 ) هەزار کەس . ئەوەش بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی بێ کاری بە شێوەیەکی ترسناك بە تایبەتی لە ناو توێژی لاواندا , هەر ئەوەش بۆتە هۆی پەنابردنی ژمارەیەکیان بۆ مادده سڕکەرەکان و مەترسی ئەوەش هەیە لە ئایندەدا لە لایەن گروپە تیرۆریستەکانەوە ( کە کەم نین ) لە خشتە ببرێن .

قایمقامی خانەقین ڕەوشەکە بە زۆر ترسناك ئەزانێت " ئێمە لە لێواری هەرەس هێناندایین و پێمان وایە ئەوەش لە لایەن هەردوو حزبە باڵا دەستەکەوە ( یەکێتی و پارتی ) یەوە بە عەمدی ئەم کارە دەکرێت و تاکو ئێستا پێمان کراوە وەزعە ڕاگرین لەبەلام چیتر پێمان ناکرێت " .

سەمیر محەممەد نور سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکم لە خانەقین دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی قایمقام و دەڵێت " تەنیا لەم ماوەیەدا 1400 خێزان لە خوارووی عێراق هاتوونەتە شارەکە , هەرچەندە ئێمە زەویمان پێیان داوە و هەندێکیش هاوکاریانمان کردوون , بەڵام پێویستە حکومەت بە توانایەکی زۆرەوە هاوکاریمان بکات " , سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکم لە خانەقین لە سەری دەڕوات و دەڵێت " لە سەرەتاوە تا ئێستاش ئەمریکییەکان ڕێگرن لە

پاككردنەوەی تەعریب و پشتگیریان دەكەن , تەنانەت كاریكیان كردووە بەڕێوەبەری ناحییەكانی سەعدیە و جەلەولا پابەند نەبن بە قایمقامی خانەقین و ڕاستەوخۆ لە گەڵ پارێزگاری دیالەدا پەیوەستن " .

پێش ماوەیەك لە ئاسۆدا هەواڵی دەستگیر كردنی بەڕێوەبەری ناحییەی سەعدیەمان بڵاوكردەوە كە بە هۆی دەست تێكەڵ كردنی لە گەڵ تیرۆریستاندا بەند كرابوو, بەڵام پاش ماوەیەكی كەم و بە هۆی تەدەخوولی هێزە هاوپەیمانەكانەوە ئازاد كرا و ئێستا زۆر لە جاران خراپتر بەربۆتە گیانی كوردەكانی ناحییەكە وە زەمینە بۆ تەشەنە سەندنی تیرۆر دژ بە كوردان لەو ناوچەیەدا دەڕەخسێنێ و لەمپەر لە بەردەم لیژنەی تایبەتی ماددەی ( 140 ) دەستووری هەمیشەیی عێراقدا درووست دەكات . ڕازی جاسم محەممەد كە ئەندامێكی عەرەبی لیژنەی تایبەت بە مادەی ( 140 ) لەو بارەیەوە دەڵێت " هەرچەندە پێشتر لە سەعدییەوە ناوی لیژنەی فەرعی شارەكەیان بۆ ناردبووین , بەڵام پاش ئەوەی ئێمە بەرزمان كردەوە بۆ سەرووتر , ئەوان چەند ناوێكی تریان ناردووە " .

هەر سەبارەت بە ئامادەكارییەكانی لیژنەی خانەقینی مادەی ( 140 ) ڕازی كە بە (ئوستاد ڕازی) لە خانەقین بە ناوبانگە دەڵێت " پاش ئەوەی بوودجەی تەواومان بۆ هات لە كەركوكەوە هەستاین بە درووست كردنی لیژنە فەرعییەكان لە مەندەلی , سەعدییە , جەلەولا و دواتر لە فەرمانگەكانی شارەوانی و نفووس و تاپۆ و كشتوكاڵ و و احصاو لیژنەی فەرعی ترمان كردۆتەوە بۆ ئامادە كردنی ڕاپۆرتێك لە سەر تەعریب و ئەو بەڵگەنامە و دیكومێنتانەی كە لەو فەرمانگەدا هەن .چاوەڕێ دەكرێت ماوەیەكی تر بە شێوەیەكی زانستی راپۆرتەكە ئامادەكەین " وەكو پێشتر لە ووتەكانی قایمقامی خانەقیندا دەركەوت , یەكێتی و پارتی هۆكارێكی بۆ خراپ بوونی دۆخەكە لە گەرمەسێر بۆ ئەوەی بۆچوونی هەردوو لایەنەكە بخەینە ڕوو پەیوەندیمان كرد بە لقی ( 15 ) ی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە , بەڵام بە هۆی ئەوەی بەرپرسی لق لەوێ نەبوو هیچ یەك لە كارگێڕی لق و بەرپرسانی لقەكە ئامادە نەبوون لێدوان بۆ ڕۆژنامەكەمان بدەن , لە بەرامبەردا بەرپرسی مەڵبەندی (12)ی خانەقینی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بەڕێز سەلاح كوێخا ووتی " لە سەرەتای ڕزگار بوونی خانەقینەوە تاكو ئێستا پشتگیری ئیدارەی خانەقینمان كردووە , چونكە بە ئیدارەی خۆمانمان زانیوە هەر شكستێك بۆ ئەوان شكستە بۆ ئێمەش , تەنانەت لە پارەی خۆمان دەدەین بە هەندێك لەو فەرمانگانەی كە نەسرییەیان كەمە " , بەرپەرسی مەڵبەند هۆكاری خراپی وباشی هەندێك فەرمانگەی گەڕاندەوە بۆ خودی بەڕێوەبەركە و بۆ نموونەش بەڕێوەبەرایەتی كارەبای هێنایەوە كە بەڕێوەبەركە توانیویەتی بە هۆی پەیوەندییەكانییەوە كێشەكان چارەسەر بكات . سەلاح كوێخا ئەوەی ڕوونكردەوە كەوا حكومەت كەم تەرخەم  نییە لە یارمەتیدانی ئیدارە و ئیدارەی شارەكە و ڕایگەیاند لای خۆیانەوە ئامادەكارییان كردووە بۆ ئەوەی لە ماوەیەكی كەمی ئایندەدا ئیدارەی شارەكە لە گەڵ بەرپرسانی حكومەتدا كۆ ببنەوە و دۆخەكە چارەسەر بكەن .

سەبارەت بە تەشەنە سەندنی كاری تیرۆریستی لە سەعدییە و جەلەولا بەرپرسی مەڵبەندی خانەقین پێی وایە وەزعی جەلەولا لە سەعدییە باشترە وە لە سەعدییەش پاش بەربوونی بەڕێوەبەری ناحییەكە وەزعەكە خراپتر بووە , بۆ چارەسەركردنی ئەو حاڵەتانەش سەلاح كوێخا دەڵێت " لەم چەند ڕۆژەی داهاتووشدا وەفدێك لە خەڵكی خانەقین و جەلەولا و سەعدییە و مەندەلی پێك دەهێنین بۆ سەردانی جەنابی مام جەلال و بەرپرسانی حكومی دەكەین و پێمان وایە لە ئایندەدا وەزعەكە زۆر بە باشی دەگۆڕێت "

بە هەر حاڵ ئەو ئاسۆیانەی كە ئێمە وەكو تیمی ڕۆژنامەی ئاسۆ لە سەردانەكەماندا بۆ گەرمەسێر بینیمان زۆر تەم و مژاوی و چاوەڕێی چارەسەری بە پەلەو خێران لە حكومەتی هەرێمی كوردستان  و لایەنە سیاسییەكان .